# هاووڵاتیانی سەیدسادق گلەیی لەکەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەکەن

## هەموو ساڵێک بەڵێنمان پێ دەدەن و خزمەتگوزاریش بە چاوی خۆمان نابینین

- زێدەڕۆیی زۆرەو چەند گەڕەکێکیش بێ تاپۆن
- ئاوی بیرەکان گومانی پیسبوونی لێ دەکرێت
- ئەمساڵ تەنیا یەک بەرمیل نەوت دابەشکراوە
- زۆربەی قوتابخانەکان دوو دەوامن و بیناکانیشی بە پێی پێویست نییە












TOYOTA
NISSAN

سەرلەبەری بەیانی بوو گەیشتینە سەیدسادق و لەگەڕەکی شێخان دیمەنی نەجمەدین محەمەدو پیرە دایکی سەرنجی راکێشاین، کە لەناو قوڕو لیتەی کۆڵانەکەیان و لەبەر ڕێژنەی باران سەرقاڵی چاککردنی بەر دەرگای ماڵەکەیان بوون، کە چاویان بەئێمە کەوت و کامێراو ریکۆردەرەکەیان بەدەستمانەوە بینی، هەر زوو درکیان بەوەکرد کە ئێمە رۆژنامەنووسین، بۆیە ڕوویان لە ئێمە کردوو وا دیاربوو داواکاری و خۆزگەیەکی زۆریان هەبوو، لێمان پرسین وەکو هاووڵاتیەك کەموکورتی و پێداویستیەکانتان لەم گەڕەکە هەژارنشینە چییە؟ لەوەڵامدا وەکو زۆربەی هاووڵاتیانی سەیدسادق باسیان لە تاپۆنەکردنی خانووەکانیان کرد و داپیرەکە وتی (کێشەی سەرەکی ئێمە تاپۆ نەکردنی خانوەکانمانە، ئەوە بۆتە خەمی رۆژانەی ئێمە، وەکو دەشبینن ئێمە لەناو کۆڵانێکی بێ کۆنکرێت و قیرتاوین، هەموو ساڵێك بەڵێنمان پێ دەدەن و چاوەڕوانی دەمانکوژێت و خزمەتگوزارییەکانیش نابینین..) قسەکانی ئەم دوو هاووڵاتیە هەمان داواکاری ساڵێك لەمەوبەری هاووڵاتیانی ئەم گەڕەکەی بەبیرهێنراینەوە، تەنانەت ئەو کات زیاتر

## کێشەی سەرەکی گەڕەکی شێخان قیرتاو و کۆنکرێت نەکردنی کۆڵانەکانیانە

لە ٩٥٠٠ خانووی پێ تابۆ لەو شارەدا بوونیان هەبوو ..سەید سادق کە ناحیەی بەرزنجەو ٦٠ گوند لەخۆ دەگرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەی ٨٠ هەزار کەسە، بەیەکێك لەقەزا گەورەکانی کوردستان دادەنرێت کە پرۆژەو خزمەتگوزاری زۆری پێویستە، هەروەکو هاووڵاتی شێخ عەبدولڕەحمان لە گەڕەکی کەنی زەرد وتی: (کۆڵان و شەقامی گەڕەکەکانمان زۆر خراپ و بێسەروبەرە و سەرتاپای قوڕولیتەیە و زۆر بەزەحمەت دەتوانین ئاموشۆی تێدا بکەین)، لەلایەکی ترەوە ئەو شارۆچکەیە کەلەدوای ساڵی ١٩٩١ ئاوەدانکرایەوەو لەساڵی ٢٠٠٧ دا بڕیاری بەقەزابوونی بۆ دەرچووە، بەخێراییەکی زۆر فراوان گەورە بووە، گەرچی چەندین پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام بەپێی پێویست و داواکاری خەڵك و کاولکاری شارەکەو سنوورەکەی نییە، لەبەر ئەم هۆکارە بوو هاووڵاتیانی قەزاکە گلەیی و گازندەیان لەسەر نەبوون و کەمی خزمەتگوزارییەکان هەیە بەرادەیەك کاتێك لەکەسێکمان دەپرسی کەموکوڕتیەکان و پێداویستیەکانی ئەم شارە چییە پێی دەوتین بۆ چیمان هەیە؟! هاووڵاتی

## پڕۆژەی کۆنکرێتکردنی کۆڵانەکانی گەڕەکی سەراو بەپێی پێویست نییە

ئەحمەد سەراو کە لە ناو سەنتەری بازاڕەکە چاومان پێکەوت سەبارەت بەکەموکورتی خزمەتگوزاریەکانوتی (بەگشتی شارۆچکەکەمان کەموکوڕی لە بواری خزمەتگوزاری هەیە، بە تایبەتی لە خراپی کۆڵان و شەقامەکانی چەندین گەڕەکدا، هەروەها قوتابخانەش بەپێی پێویست نییەو لە زۆربەی قوتابخانەکان دوو دەوامییەو پێویستمان بە بینایەی تری قوتابخانە هەیە)،قایمقامی قەزاکەش تەئکید لە سەر داواکان و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان دەکاتەوەو پێی وایە (ئاوەدانکردنەوەیەکی خێراو بەرفراوان لە سەنتەری قەزاو سنوورەکە هەیە هەر بۆیە پێویستیمان بە پرۆژەو بودجەی زیاتر هەیە..) وەکو گۆڤاری گوڵان سەردانی چەند گەڕەکێکی ناو سەنتەری قەزاکەمان کردو لەنزیکەوە چەندین هاووڵاتیمان دواند لە گەڕەکانی (شێخان و کانی زەردو سەر ڕێگای پێنجوێن و بەرکێوو..) کەموکوڕی بەرچاو دەبینراو هاووڵاتیانیش لێرەو لەوێ باسیان دەکرد، تەنانەت گرفتەکانی ئاوو قوتابخانەو بواری تەندروستیش هەبوو، لەلایەکی ترەوە پێمان سەیربوو گەڕەك هەبێت خەڵکەکە ناویان لێنابێت (فەلوجە)، کاتێکیش بۆ ئەو گەڕەکە بەڕێکەوتین و هاووڵاتییەکمان لەو گەڕەکە دواند وتی: ئەو گەڕەکە لەبەر خراپی نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بێسەروبەری کۆڵان و خانووەکان بە گەڕەکی فەلوجە ناودەبرێت، هەروەها گشت خانووەکان تا ئێستا بێ تاپۆن و نازانین بۆچی حکومەت و لایەنی بەرپرس لایەك لە ئێمە ناکەنەوە. هاوکات هاووڵاتی هادی ئەحمەد لە گەڕەکی سەراو وتی: کۆڵانی گەڕەکەکەیان بۆ کۆنکریت کردوین، بەڵام زۆر خراپەو ئاوی ماڵان و باران بە تەواوی نارِوات و لە ناو زۆربەی کۆڵانەکان ئاو پەنگ دەخواتەوە، واتە کارەکە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە پێویست بەوە دەکات سەرلەنوێ چاکی بکەنەوە. سەبارەت بە ئەگەری پیسبوونی ئاوی خواردنەوەش کە لێرەو لەوێ باس دەکرێت عەبدوڵلا غەریب وتی:( ئاوی بیرەکانمان گومانی پیسبوونی لێ دەکرێت و زۆر پاك نییە و کەمیشە، زیاتر لە وەرزی هاوینان تووشی کێشەی کەم ئاوی دەبین، بەڵام ئەو گەڕەك و شوێنانەی لەسەر پڕۆژەی ئاوی سەراون بێ گرفتن). لەلایەکی ترەوە نەخۆشخانەی سیل کە پێشماوەیەك لەمەوبەر بڕیاردرا بهێنرێتە سنووری شاری سەیدسادق نارەزایەتی و گرفتێکی گەورەی لێکەوتەوەو خەڵکەکە لە ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دەترسن هەروەکو هاووڵاتی سەیوان عومەر پێی راگەیاندین کە ئەوان بەهیچ جۆرێك رازی نین لە سنوورەکەی سەیدسادق نەخۆشخانەی سیل دابمەزرێت، چونکە خەڵکەکە لەبەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لەم نەخۆشخانەیە زۆر ترساون. هەروەها سەید سادق ئەو شارەیە کە بەسەرما ناسراوەو هاووڵاتیان لەم وەرزەدا پێویستیان بە سوتەمەنییە، لەبارەی کەمی و گرانی سووتەمەنی بەتایبەتی نەوت هاووڵاتی عومەر عەبدوڵا وتی بارودۆخمان بەو وەرزی زستانە زۆر خراپە و بڕیاربوو سێ بەرمیل نەوتمان پێ بدەن، بەڵام تا ئێستا یەك بەرمیل نەوتمان وەرگرتووە.

### لەبەر نەبوونی ناحیە مامەڵەی هاووڵاتیان دوادەکەوێت

ئەم گلەیی و داواکارییانەی هاووڵاتیانمان گەیاندە یەکەی ئیدارەی شارەکەو سەردانی قایمقامیەتمان کرد، لەوێ قەرەباڵغیەکی زۆرمان بینی، وتەی هاووڵاتی عەلی عەبدوڵامان بەبیرهاتەوە کە پێی وتین (لە فەرمانگەکانی سەید سادق کارو ئیشەکان زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت و بۆ هەندێ کارو مامەڵەش دەبێت سەردانی شاری سلێمانی بکەین، ئەمەش ماندووبوون و خەرجی دەوێت، لەلایەکی ترەوە هاتوچۆی گوندنشینەکانی سنوورەکە بۆ هەر مامەڵەیەك زەحمەتیەکی زۆریان بۆ دێنێت پێش)، **هەر بۆیە راستەوخۆ پرسیاری ئەو قەرەباڵغیەی هاووڵاتیانمان لە قایمقام کرد لە وەڵامدا ئەرکان حەسەن قایمقامی قەزای سەید سادق وتی:** قەرەباڵغییەکی زۆرمان لەسەرە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سنوورەکە بەرفراوانەو ژمارەیەکی زۆر گوندی لەسەرەو تاکە یەك ناحیەش لە سنوورەکەمان هەیە کە پێویستی بەوە دەکرد دوو تا سێ ناحیەی تریش لە سنوورەکەمان دابمەزرابووایە، بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە پارێزگای سلێمانی کردووە، بەڵام داواکەمان جێبەجێ نەکراوە، هەر لەبەر ئەو قەرەباڵغی و نەبوونی ناحیەیە لە سنوورەکە ئێمە ناتوانین بەپێی پێویست خزمەت بە ناوچەکە بکەین و بە فریای هەموو کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ناکەوین. هەروەها ئەو قەرەباڵغییەی ئێستاش کە هەیە هەندێکی بۆ مامەڵەی قەرەبووکردنەوەی سەردەمی ڕژێمی لەناوچوو دەگەڕێتەوە، چونکە هەر هەموو گوندنشینەکانی سنوورەکە ڕوویان لە سەنتەری قەزاکە کردووە.

## گەڕەکی سەر ڕێگای پێنجوین لەبەر بێسەروبەری ناویان ناوە فەلوجە



ئەرکان حەسەن

قایمقامی قەزای سەیدسادق بۆ گوڵان :

# لەبەر قەرەباڵغی و نەبوونی ناحیەیە فریای ئەو هەموو کارو پرۆژە خزمەتگوزاریە ناکەوین

**لە سەنتەری قەزاکە پێویستیمان بە بینایەی قوتابخانە هەیە**

سەبارەت بەوەی بۆ ساڵی ٢٠١٢ زیاتر پێویستیان بە چ پرۆژەیەکە قایمقامی قەزای سەید سادق وتی: سەید سادق تا ڕادەیەك کارو پرۆژەی بۆ کراوە، بەڵام ئەو کارو پرۆژە خزمەتگوزاریانە بەپێی پێویست نییە، بۆیە ئێستاکە پێویستیمان بە خزمەتگوزاری زیاتر هەیە، چونکە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر ئەو قەزایەیە بەو هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆر لە سەید سادق خانوو دروست دەکات و تێیدا نیشتەجێ دەبێت، هەموو ئەوانەش وا دەکات داواکاری لەسەر کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە زیادبووندا بێت. لەڕووی خزمەتکردنی خەڵك و گەڕەکەکانەوەش پێویستمان بە قیرتاوو کۆنکرێتکردنی کۆڵان و شەقامەکانی چەند گەڕەکێکە، هەرچەندە ئەو ساڵ پرۆژەی کۆنکرێت و قیرتاوکردنی چەند گەڕەکێکمان ئەنجامداوەو لە ڕووی ئاو و ئاوەڕۆشەوە ئەو گەڕەکانەی کە لە کاتی خۆی بە زێدەڕۆیی دروست کراون تا ئێستا بێبەشن لەم جۆرە پرۆژە گرنگ و پێویستانە، هاوکات لە بواری کەرتی تەندروستی و پەروەردەو قیرتاو و ئاوو ئاوەڕۆ پێویستیان بە پرۆژە هەیە. هەروەها لە ناو سەنتەری قەزاکەش پێویستیمان بە بنکەی تەندروستی و بینایەی قوتابخانەی تر هەیەو لە ڕووی میلاکاتیشەوە لە هەموو فەرمانگەکان بە تایبەتی لە میلاکاتی مامۆستای وانە زانستییەکان کەموکوڕی هەیە. هاوکات یەکێك لە داوا سەرەکییەکانی لاوان و خەڵکی شارۆچکەکەو سنوورەکە کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگایە لە قەزای سەید سادق، چونکە ساڵانە بە دەیەها کەسمان ئامادەیی تەواو دەکەن و لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە زانکۆ و پەیمانگاکان درێژە بە خوێندن دەدەن.

**بەهۆی زێدەڕۆیی زۆرەوە کێشەی تاپۆش زۆرە**

سەبارەت بەوەی کە سەید سادق زۆرترین زێدەڕۆی تێدابوو و تا ئێستاش بەشی زۆری لەو کێشانە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و خانووەکان بەسەر خەڵکەکە تاپۆ نەکراوە قایمقامی قەزای سەید سادق وتی: لە کاتی خۆیدا لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی سەید سادق و تا چەند ساڵێك پێش ئێستاش ڕێژەیەکی زۆر خانوو بە زێدەڕۆیی دروستکراوە هەر ئەمەش وایکردووە کە کێشەو گرفتێکی زۆرمان لەسەر تاپۆکردنی خانووەکان بێتە پێش و تا ئێستاش ئەو کێشانە چارەسەرنەکراون و یەکێك لەو گەڕەکانە گەڕەکی شێخانەو گەورەترین گەڕەکیشە کە هەر هەمووی تاپۆی بۆ نەکراوەو ئێستاکە مامەڵەی تاپۆیەکانیان نزیك بۆتەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەست بە تاپۆکردنی خانووەکانیان دەکرێت، هەروەها گەڕەکی حەسارو سەراش ئەو خانووانەی کە بە زێدەڕۆیی دروستکراون و هێشتا مامەڵەو کاری تاپۆیان بۆ ئەنجام نەدراوە، هاوکات گەڕەکی بەرکێو یا بەختیاری کە گەڕەکێکی بەرفروانە کە لەکاتی خۆی بەشێوەیەکی واناڕێك بە زێدەڕۆیی دروستکراوە کە ناویان ناوە گەڕەکی فەلوجەو ئەو گەڕەکەش تاپۆی نییە، هۆکاری سەرەکی ئەو زێدەڕۆیانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ماستەرپلان.

**سنوورەکە پێویستی بە سایلۆیە**

سەبارەت بەکەرتی کشتوکاڵیی قایمقامی قەزای سەید سادق وتی: دەشتی شارەزوور یەکێکە لەو دەشتە بەناوبانگ و بەپیت و بەرەکەتەی کە ساڵانە بەرووبومێکی زۆری هەیە بە تایبەتی دانەوێڵە کە هەموو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان سوودی لێ وەردەگرن، بەڵام سایلۆمان نییە کە زۆر پێویستەو بڕیاریشە ٤سایلۆ لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و یەکێك لە سایلۆکان لە قەزای سەید سادقە و بۆ ئەو پرۆژە ستراتیژیەش ٤٥دۆنم زەویمان تەرخانکردووە و بڕیارە و بەڵێنیشیان پێداوین کە لە ساڵی ٢٠١٢ دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بکرێت.

**کەمی بینایە بۆ فەرمانگەکان**

سەبارەت بە کەمی بینایەی فەرمانگەو بگرە نەبوونی فەرمانگەی پێویست بۆ قەزاکە قایمقامی قەزای سەید سادق وتی: یەکێك لەو فەرمانگانەی کە زۆر پێویستە بۆ سنووری قەزاکەمان فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوەیە کە تاوەکو ئێستاکە ئەو فەرمانگەیەمان نییە، چونکە گوندێکی زۆر لەسەر قەزاکەیەو بڕیارێکیش لە وەزارەتی شارەوانییەوە بۆمان هاتووە کە ناتوانین ئامێرو ئۆتۆمبێلی شارەوانی بۆ گوندەکان ببەین و کارو ئیشیان پێ ئەنجام بدەین، بۆیە لە کاتێك فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوە هەبێت، ئەو فەرمانگەیە دەتوانێت ئیشوکارەکانی گوندەکان جێبەجێ بکات، هەروەها هەندێك لە فەرمانگەکانمان پێویستی بە بینایە هەیە، چونکە چەند فەرمانگەیەك لە ناو بینایەی قایمقامییەتن هەر بۆیەش ئێستا شوێنەکەی ئێمەش بەپێی پێویست نییە.

**کارگەیەکی ڕیسایکلین دادەنرێت**

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك قایمقامی قەزای سەید سادق وتی: لە لای ئێمە تا ئێستا پاککردنەوەو کۆکردنەوەی و فڕێدانی زبڵوخاشاك لە لایەن شارەوانییەوە ئەنجام دەدرێت و ئەوانیش بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن و قەزاکە پاك دەکەنەوە و زبڵوخاشاکەکە بۆ دەرەوەی شارەکە دەگوازنەوە، بەڵام شێوازی خۆڕزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکە زۆر خراپ و ناتەندروستە و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پیسبوونی ژینگە، لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و بەرێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی بەڵێنیان پێداوین کە کارگەیەکی ڕیسایکلین لە سنووری قەزای سەید سادق دابنرێت.

**خەڵکی سنوورەکە قبوڵ ناکەن نەخۆشخانەی سیل لە دەڤەرەکەیان دروست بکرێت**

**نەخۆشخانەکەی سیل**

سەبارەت بەو نەخۆشخانەی سیلەی کە بڕیارە لە سنووری قەزای سەید سادق دروست بکرێت کە گلەیی و نارەزایی خەڵکیشی لێکەوتۆتەوە قایمقامی قەزای سەید سادق وتی: ئەم نەخۆشخانەیە بە حیساب بە زخت و پێداگری لە لایەن حکومەتی عیراقەوە هێنراوەتە هەرێمی کوردستان و کە دەیانەوێت لە سەید سادق لەگوندی سەراو دابنرێت ئەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتنی سنوورەکە بووە و شوێنەکەش لە لایەنی پێوەندارو شارازەوە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشییە بە گونجاو دانراوە، هەروەها بۆ خەڵکەکە ڕوونکراوەتەوە کە ئەو نەخۆشخانەیە هیچ زیانێکی بۆیان نییە و هەوڵی جیدیش دەدەن و بەڵێنیشیان داوە ئەگەر ئەو نەخۆشخانەیە هەر زیانێکی تەندروستی بۆیان هەبێت ئەوە خەڵکی ئەو سنوورەی لێ بپارێزین.